# دیسانەوە دکتۆر کەمال سەید قادر ؛ بوێری و چاونەترسی ؛ ئەووت لەچی و ئەوەی ئێستات لەچی؟ ... شاسوار کەریم

چەند هەیامێك بوو دکتۆر کەمال سەید قادر بە کەیفی خۆی و ئەو کەسانەی کە پشتگیریان لی ئەکرد و تووشی هەڵەیەکی گەورەیان کرد بابەتی ئەنوسی و بڵاوی ئەکردەوە و لە ئەنجامدا لە هەولێر دەستگیر کرا و لە دادگاییەکدا هەر بەهۆی نووسینەکانی بە سی ساڵ زیندانیکردن جەزا کرا کە بە ڕای من نە دەستگیرکردنەکەی یاسایی بوو و نە حوکمێکی عادیلانەش دەرهەق بە دکتۆر دەرکرا و دوای چەند هەوڵێکی ناوەخۆ و دەرەوەی دڵسۆزان و لێخۆشبوونی ئەو کەسانەی کە داوایان لە دژی دکتۆر لە دادگا تۆمار کردبوو توانرا ئەو سزایەی دکتۆر نەهێڵرێت و وا بڕیار بوو ئازاد بکرێت کە من خۆم تا ئێستا نازانم ئازادکراوە یان نا ؛ بەڵام گەر ئازادیش نەکرابێت ئەوا ئازاد دەکرێت.
لە هەڤپەیڤینێکی ژورێکی سایتی پالتاك کە تایبەت بوو بە کێشەی دکتۆر کەمال و دکتۆر خۆی لە زیندانی ئاسایشی هەولێرەوە بەشداری تیا کرد هەرچەند ئەو برادەرەی کە قسەی لەگەڵ ئەکرد چەند جارێك هەوڵی دا کە وا پیشان بدات دکتۆر کەمال لەژێر فشاردایە بەڵام دکتۆر بی ئەوەی خۆی و بیسەرانیشی هەڵخەڵەتێنێت ئەمەی ڕەت کردەوە و ئاشکرای کرد کەوا هیچ فشارێکی لەسەر نیە و لە پەیڤەکانیشی دیاربوو کەوا زۆر بە ئازادانە قسە ئەکات ؛ بەڵام ئەو ئازادیەی کە پێشتر لە نووسینەکانی دکتۆر کەمال هەستی پی ئەکرا وەك ئەو ئازادیە نەبوو کەوا لەو هەڤپەیڤینەدا باسی لێوەکرد ؛ پێشتر دکتۆر کەمال جنێودانی بە ئازادی ئەزانی ؛ بەڵام ئێستا دکتۆر خۆی دان بەو هەڵەیەدا دەنێت کەوا جنێودان مانای ئازادی ناگەیەنێت و بێحورمەتکردنی کەسێکی تر هەر لەخۆیەوە شتێکی ئاسان نیە و هەرکەسێك وا بکات بێگومان ڕۆژێك دێت باجەکەی بداتەوە هەروەك جەنابی دکتۆر بەپێی خۆی هاتە کوردستان بۆئەوەی باجی ئەو نووسینانەی بداتەوە.
جا لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کەوا ئێستا لە سایتەکان هەرکەسێك باسی ئەم کێشەیە ئەکات یەکەم جار باسی بوێری نووسینەکانی دکتۆر ئەکات ؛ کاکە گیان خۆ کوردستان پۆستیش هەر ئەمەی لەگەڵ دکتۆر کرد ؛ ئەمیش هەر ئاوا پشتگیری دکتۆری کرد تا دواجار تووشی هەڵەیەکی گەورەی کرد ؛ من نازانم گەر برادەران باش نووسینەکانی دکتۆریان خوێندبێتەوە ئەزانن کەوا کێشەکەی دکتۆر چی بوو ؛ کێشەی دکتۆر ئازاد کردنی گەلێك نەبوو بەڵکو کێشەی تاکەکەسێك بوو کە گوایە غەدری لێکراوە و هەوڵی کوشتنی دراوە ؛ پێشتر دەسەڵاتی هەولێر کە پارتی بەڕێوەی ئەبات لای دکتۆر پیسترین و خوێناوی ترین دەسەڵاتی جیهان بوون کەچی ئێستا لە دیدی دکتۆر دەستەڵاتێکی دیموکراتی و مەدەنی یە ؛ دکتۆر کەمال بە دەرەجەی سەد و شەست لە جنێودانەکانی پەشیمان بۆوە ؛ ئەی کوا ئەو هەموو بوێریەی دکتۆر کە ئەیووت دێمەوە کوردستان و پەلکێشی دادگایەکی نێودەوڵەتیتان ئەکەم و ئەبی ئەم هەموو جاسووسیە ئاشکرا بکرێت و سەدان شتی تریش کە بەداخەوە لە هەڤپەیڤینەکانی پاڵتاك هەر ئامازەشی بۆ نەکرد ؛ کام بوێری یە کە ئێوە باسی لێوە ئەکەن ؛ من لە نووسینەکانی پێش ئێستا بە دکتۆرم ووت کەوا نەیەتەوە کوردستان چونکە جێگای نابێتەوە هەر واش دەرچوو ؛ من ئێستا وەك تاکێکی کورد داوا لە دکتۆر ئەکەم ئەو هەموو تاوانانە بە بەڵگە ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی منیش و گەلی کوردیش هەموو ئەو

ڕاستیانە بزانین کە دکتۆر لە نووسینەکانی دا باسی لێوە ئەکرد ئەمە گەر ڕاست بێت ؛ دکتۆر کەمال بۆ ئەم هەموو نووسینە ترسناکانەی بڵاو ئەکردەوە کە چی ئێستاش تەنیا نووسەرێك لەوانەی باسی بوێری و چاونەترسی دکتۆر ئەکەن داوای شیرۆڤەکرنی لە دکتۆر نەکردووە سەبارەت بەو جاسوسی و سیخوڕیانەی کە باسی ئەکرد کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە پاشەڕۆژی گەلی کوردەوە هەیە.

دکتۆر کەمال لە هەموو نووسینەکانی دا ئاماژەی بە ڕزگارکردنی گەل لە بیری تەسك نەکروە ؛ بەڵکو زۆر بە بیرتەسکی کێشەی تایبەتی خۆی ئەخستە ڕوو ؛ ئاخر هەروەك پێش ئێستاش ووتم و لە نووسینەکانی تریش دا ئاماژەم پێکردبوو دکتۆر ناتوانێت کێشەی تایبەتی خۆی بکاتە کێشەی گەلێك چوونکە کێشەی دکتۆر لە ئەسڵدا لەسەر ئافرەتێك لە نێوان ئەو و کەسێکی تر دەستی پێکردووە و لە داخی ئەمە هەرچی جنێوی سوکە بە سەرکردەکانی کوردی ئەدا و بە کەیفی خۆی و پشتیوانانی کە خۆی باش ئەزانی کێن تۆمەتی بۆ خەڵکان ئەدیتەوە و تا کار گەیشتبووە ئەوە گاڵتە بە ئەنفالکراو و شەهیدانی کوردستان بکات و بە جاش ناوی ئەبردن ؛ دکتۆرێك شەهیدانی وڵاتی خۆی بە جاش بزانێت چی ئومێدێکم پێی هەبێت کەوا بۆ ئازادی وڵات و گەلەکەی تی ئەکۆشێت ؛ ئا ئەمەیە چاونەترسی و بوێری دکتۆر کەمال براگیان؟ من لەگەڵ هەموو ئەو شتانەم کەوا ئەبنە هۆی ئەوەی کە تاکی کورد لە دەربڕینی ڕای خۆی ئازاد بێت بەڵام نەك بەم شێوەیە ؛ ئەمە پێی ناگوترێت بوێری و چاونەترسی ؛ ئەمە پەیوەندی بە ئاستی هۆش و بیری مرۆڤەوە هەیە کە کەسی رۆشنبیر و تێگەیشتوو هیچ کاتێك پەنا بۆ جنێودان و سوك کردنی خەڵك نابات ؛ هەرکەسێکیش ئەمە بە بوێری ئەزانی من هەر پێی ئەڵێم (ئافەرم) ئەمە جگە لەوەی کە جنێودان نیشانەی بێدەسەڵاتی یە لەگەڵ رێزم بۆ هەموو لایەك.

ئیتر برایانی بەرێز ئێمە لێرەوە با کەمێك لە نووسینەکانی دکتۆر وورد بینەوە ئینجا باسی بوێری و چاونەترسی ئەو بکەین و تەنیا لە لایەنێکەوە بیر لەم کێشەیە نەکینەوە چونکە دکتۆر بەدوای چارەسەرێکی شێتانەی کێشەی خۆی نەك گەلی کورد ئەگەڕا و هیوادارم دکتۆر کەمالیش بۆ چارسەرکردنی کێشەکانی ڕێگای تر بەکار بێنێت کە هەمووومان دەزانین چەندین ڕێگا بۆ چارسەرکردنی کێشەیەك هەیە. لەگەڵ رێزم بۆ هەموو نووسەرانی هەقبێژ و راست نووس.

shaswar75@yahoo. com